# سەماییەکی شێتانە لەگەڵ ئەودا



ئیمان بابان

*لەگەڵ هەموو سەمایەکدا،*
*ئەمباتە نێو دەڤەری چاوەکانی و*
*بە ئاسپایی پێم ئەڵێ، بفرە، بفرە لەگەڵم.*

---

*کاتێک سەما لەگەڵ ئەودا ئەکەم*
*شێتانە وا هەست ئەکەم ئەمباتە نێو نهێنیەکانی روحی خۆی و*
*لەگەڵیاندا بەرەو ئاسمان ئەمفرێنێ.*

***کە شەوانیش ئەچینەوە میحرابی سەما***
***مانگ بە سەرسامیەوە لە فرینمان ئەڕوانێت و***
***لە بەرزی خۆی ڕائەمێنێت،***
***سەیر ئەکات، چۆن ڕوحی منی ژن لەگەڵ***
***سەمایەکی شەوە ڕووناکەکانی تێکەڵ بووە و***
***سەما ئەکات.***

---

فــــڕینە فــــڕییـــــــــن،

***فڕینە بۆ ناو دنیای باڵندەکان،***
***فڕینێکە لەگەڵ ئاوێتە بوونی روحی ئەودا.***

کاتێک سەما لەگەڵ ئەودا ئەکەم،
ئەمفرێنێ بۆ ناو شانەی ئەو هەنگانەی،
کە ئێواران لێوان لێو شیلەیان لێ ئەڕژێ و
بە لێویان کۆی ئەکەنەوە.

**کاتێک دەستم ئەنێمە نێو دەستەکانی**
**وەها ئەچینە ناو رۆحی یەکترەوە**
**ترپەی دڵیشی ئەبیستم،**
**وەک سەماکەرێکی شێت پێم ئەڵێ**
**سەما بکە، سەما بکەو**
**لەگەڵ ڕوحی ئەم پیاوە،شێتە ئاوێتە بە،**

سەمـــــا بکە
تا لەگەڵ خۆم بتبەمە ناو ئەو شارانەی تەنها،
گوێت لە دەنگی شەقەی باڵی فریشتەکانە ئەفرن،

**ئـــــارامتر، زۆر، ئـــــارامتر،**

سەمـــــا بکە،
تا بتبەمە نێو ئەو کوچانەی تەنها،
دەنگی پیانۆکەم و تەقەی پێیەکانی تۆ،
لە کاتی سەمادا ئەیان هەژێنێ،

**بە ئەسپاییش پێی ئەوتم**
**ئەی ئەو کیژەی ڕوحت پڕ.. پڕە لە فرین**
**لەگەڵ گەڵاکانی پاییز سەما بکە**
**چونکە ئەزانم تۆ ئاشقی وەرزە ماتەکەی خەزانیت،**
**لەگەڵمدا بفرە، بفرە، بفرە**
**لەگەڵ روحی مندا بفرەتا بتبەمە ناو جیهانی ئەستێرەکان،**
**تا بتبەمە نێو جیهانی هەورە سپییەکـــــان.**

ئەو ئێوارانەی کە لە نزیک پیانۆکەی دائەنیشت و
هێدی هێدی لێم نزیک ئەکەوتەوە و،
پێـــــی ئەووتم، وەرە پێکەوە بفرین
تەنها باڵندە نافڕێت،
ئەوەی سەما لە خوێنیا بێت...
دەستی ئەگاتە هەورەکان،

**هەنـــــاسەکەم،**
**بفـــــڕە لەگەڵم .**

کاتێک پەنجەکانی ئەنایە سەر نۆتەی پێانۆکەی،
من هێدی هێدی، وەک دەروێشیک دوای زکری سەنفۆنیای ئەو ئەکەوتم و،
لەگەڵیدا ئەفڕیم بۆ جیهانی ئەستێرە شاراوەکان، بۆ جیهانی مرۆڤە سەما کەرەکان،
بۆ نێو جیهانی پەرییە سپی پۆشەکان،

**ئەو زۆر بە ئاسپایی،**
**پێی ئەووتم، سەما بکەو بفڕە**
**بفرە لەگەڵ روحی مندا،**
**بفرە نێو دنیای ئەو جادووگەرانەی**
**لە فڕیندا نهێنیمان ئەخوێننەوە،**

سەما بکە، سەما لەگەڵ ڕوحی مندا.

**تاقانەکەم، سەما بکە،**
**سەما بکە، لەگەڵ روحی ئەو ژنە رەشپۆشانەی، دڵیان رەش بۆتەوەو،**
**شەوانە ئاگر هەناسەیان ئەسوتێنێت، ســــــەما بکە.**
**هەندێ جاریش سەری ئەنایە سەر شانم و،**
**وەک باڵدارێک مەستی فرین پێی ئەووتم،**
**ئاگات لێیە ئەی کیژی سەماکەر، فریشتەی جیهانی سەما،**
**ئاگات لێیە لەگەڵ لەرەی بەژنی تۆدا**

**ڕۆحی من و هەموو کەون دێتە سەما؟**

**سەمـــــا بکە، سەمایەکی شێتانە لەگەڵ مندا،**
**شێت ئـــــا شێت ئەو کەسەیە...**
**خەونەکانی ئەم دنیایە جێ دێڵێت و**
**لەگەڵ خەیاڵە ڕەنگینەکانی خۆی...**
**لە شەقەی باڵ ئەدا و ئەفڕێت،**
**دەسا ئەی کیژی جوانی ڕوح پڕ فڕین،**
**سەما بکە،**
**ئێمە هەموومان شێتیی داگیری کردووین**
**من و تۆش پێکەوە سەما ئەکەین، سەمای شێتانە.**

*سەماییەکی شێتانە لەگەل ڕوحی بەردەکان...*
*لەگەڵ چرکەی کاتژمێرەکان...*
*لەگەڵ شەپۆلی دەریاکان...*
*لەگەڵ نۆتەی پیانۆکان...*

*سەما ئەکەم، سەمایەکی سێتانە لەگەڵ ئەودا...*

*فینلەندا هاوینی 2006*